هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٧٥) لە ٢٠٢٠/٩/٢

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٨) لە ٢٠٢٠/٩/٢، و لە دوای تاوتوێکردنی پێشنیارەکانی وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١)، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەیڕەوکردنی سیستمی خوێندنی ئەلیکترۆنی و ئۆنلاین لە ناوەندەکانی خوێندنی (حکومی و ناحکومی) سەر بە وەزارەتی پەروەردە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١).

٢. قوتابیانی قۆناغی یەکەم و دووەمی سەرەتایی و دوانزەی ئامادەیی (حکومی و ناحکومی) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) بە شێوازی ئامادەبوونی ڕووبەڕوو (ناو پۆل) دەبێت.

٣. پێدانی دەسەڵاتی پێویست بە وەزارەتی پەروەردە بۆ وەرگرتنی هەر بڕیار و ڕێکارێکی دیکە لەسەر بڕگەکانی ئەم بڕیارە بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی تەندروستی و بەرژەوەندی گشتیی قوتابیان و خوێندکاران و مامۆستایان.

٤. وەزارەتی تەندروستی هاوکاری وەزارەتی پەروەردە دەکات لە ڕێنوێنی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا و دابینکردنی پێداویستیی ڕێکارە تەندروستییەکان.

٥. وەزارەتی پەروەردە ڕێنمایی پێویست دەردەکات بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە و دەستنیشانکردنی ڕێکەوتی دەستپێک و چۆنیەتی خوێندن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران